# شیعری نوێی كوردی

ئاراس قەرەداغی/سوید

ئەوەی دەمەوێ لەم نووسینەمدا دەری بخەم ئەوەیە كە تائێستا هیچ نەبێ بە ڕێگەیەكی وورد و هێمن و بابەتیانە، دەربارەی سەرەتای شیعری نوێ ی كوردیمان و باروگۆڕین و چۆنیەتی پێشكەوتن و هەڵگێڕ و داگێڕی ڕێگای داهێنان و ناوەڕۆك و شێوەو شێواز و هەوێن و وێنە و ڕواڵەتە هونەری واتاییەكانی شیعری ئەم سەردەمەی كورد لە كوردستاندا لەنیوەچەرخی ئەم دوایی یەی سەدەی بیستەم بەم لاوە شتێكی ئەوتۆ ناكەوێتە بەرچاو كەمایەی دڵنیایی و متمانە و پشت پێبەستن بێت و تاڕادەیەكی نزیك لەڕاستی و دروستی ئەو قوتابخانە و ڕێباز و تەووژم و شەپۆلە شیعریانە دەستن ینشان بكات و كەمێك ئەم تەم و مژ و هەوروهاڵاوی پاشاگەردانی و بەهەڵەداچوون و دانپیانەنان و خۆبردنەپێشەوە و بێبایەخی و خۆنەناسین و ئەوئاژاوەیەی لە دنیای شیعری كوردیدا هەیە بڕەوێتەوەو هیچ نەبێ تۆزێك بەرپێی خۆمان ببینین بەووردی وبێلایەنی و بەویژدانەوە لەبەرهەمی یەكتر بگەین و چێژیان لێوەرگرین و لێیان بكۆڵینەوە.
ئاشكرایە ئێمەی كورد شاعیرمان یەكجار زۆرە، هەرچی لاوێك دەستی قەڵەمی گرت، كەم و زۆر خۆی بەهونەری شیعر تاقی دەكاتەوە، سایتە كوردیەكانیش كەم تەرخەمن لەبڵاوكردنەوەی زۆر و بۆر.
دەبێ هۆی ئەم ڕواڵەتە چی بێت؟
من پێم وابێ هۆی هەرەبنەڕەتی ئەوەیە كە شیعر لقی یەكەم و سەرەتای ئەدەبە، زۆری شیعر و شاعیر نیشانەی ڕۆشنبیری و خوێندەواری و شارستانێتی و پێسكەوتنی ژیانی ئەدەبی هیچ نەتەوەیەك نی یە، مرۆڤ لەزۆر كۆنەوە زمانی بە شیعر و گۆرانی و ئاواز بژاوە، لە ڕووی شیعرەوە كورد سامانێكی ڕەنگینی زۆری هەیە، بەڵام زۆرتر پێویستی بە لقە گرنگەكانی تری ئەدەب هەیە، بە تایبەتی بەشی لێكۆڵینەوەی زانستیانە.
لێدوان و لێكۆڵینەوەی شیعری نوێمان وانەبێ هەروا شتێكی ئاسان بێت، جیهانی شیعر دارستانێكی چڕ و تەواو بەیەكدا ئاڵاو وئاڵۆزكاوی ئەوتۆیە كە لێ نزیك بونەوەو بەناودا گەڕان و سەرلێدەركردن ئەنجام بەدەستەوەدان خۆی لە خۆیدا مایەی تاس بردنەوە و سەرسامی و واقوڕمانە، بتەوێ و نەتەوێ چەشنە پڕكێشی و سەرچڵی و بەخۆدا ڕاپەرمونێكی وەختە بڵێم حەئەندازەی پێویست بەدەر و چاوقایمی دەگەیەنێ، لەگەڵ ئەوەشدا وەك هەست پێكردنێكی ئەم چەشنە ئەركە ئەدەبی یە و بەشداربونێكی ئەم لایەنە پێویست و گرنگەی ژیانی شیعری نویی سەردەممان و بەشبەحاڵی خۆم بۆ گرتنی كەلێنێك لە كەلێنەكانی ئەم مەیدانە دڵگیرە مەسەلەی بەكارهێنانی ووشە و مەبەست و واتای كۆن و نوێ و هاوچەرخ و سەردەم و ڕابوردو و ئومڕۆ و دوێنێ.........هتد.
لەئەدەبی كوردیماندا زۆر بەداخەوە، بەووردی و لەشوێن و جێگای پێویستی خۆیدا بەكارناهێنرێت، كۆن كامەیە و نوێ كامەیە؟؟چی هاوچەرخە و چی هی سەردەم نی یە؟؟ ئایا ڕەگ و ڕیشەی درەختی شیعری

نوێمان لە زەمینەی شیعری کۆنەوە نەهاتووە؟؟ ئایا شیعر بەتەمەن و ساڵ کۆن و نوێ دەبێ یان بەواتا ؟؟

نوێکردنەوەی شیعری کوردیمان لەکەیەوەو لەسەر دەستی کێ و کێ دەستی پێکردووە و هاتووە؟؟
ڕواڵەتی درێژەپێدان و شەقڵ لێدان و سیمای جیاوازی یانە هەر لە ڕووی شێوەوە بوون یان ناوارۆکیشیان گرتۆتەوە؟؟؟؟؟؟؟؟؟؟؟؟؟؟؟؟؟
جا بۆ وەڵام دانەوەی ئەم چەشنە پرس و ڕوونکردنەوەی گۆشەی ئەم لایەنانە ئەم شاعیرانەم بەنموونە هەڵبژارد و کەوتمە لێکۆڵینەوەی بەرهەمەکانیان و چەشنی قوتابخانە و ڕێباز و ڕێگای هونەری شیعرەکانیان و هەوڵێکی زۆرم داوە کەبێ لایەنانە بجوڵێمەوە و لەبەر ڕۆشنایی زانستی و بەپێی ویژدان و قەناعەتی ئەدەبی بناوان هەڵبگرم و بەم هەورازە سەختەدا هەڵبگەڕێم..
مەسەلەی نوێکردنەوەی شیعری کوردی و کاروانی شیعری نوێی کوردیمان لە مامۆستا (گۆران) ەوە دەست پێدەکات، دەربارەی مەسەلەی سەرەتای نوێکردنەوەی شیعری کوردی دوور نی یە، زۆرکەس لە ڕەخنەگران ونووسەران و شاعیران (پیرەمێرد) و (شێخ نوری شێخ ساڵح) یان بەبیردانایەت و لەوباوەڕەدابن کە ئەم دوو شاعیرە گەورەیە دەستێکی باڵایان هەبێت و لەمەسەلەی نوێکردنەوەدا ئەرکێکی زۆریان کێشا بێت، بەلای منەوە پیرەمێرد ئەگەر چی شاعیرێکی دیار و زۆر ناسراوە،بەڵام خاوەنی قوتابخانەیەکی دیاری کراو نەبوو،گەر چی بەرهەمی زۆری هەیە، بەڵام شەقڵی هەڕەمەیی زۆر بەزەقی پێوە دیار بوو، بەبیر و بڕواو ڕەگ و ڕیشەی چێژ و بەهرە و سەلیقە زۆرتر پابەند و بەخێوکراوی بابەتی کلاسیکی بوو، بابەتی ژیری و ئامۆژگاری و فەلسەفە و حیکمەت و.....هتد، گەرچی لەشێوەدا بەتایبەتی لە ڕوی زمانی کوردی پەتی و کێشی خۆماڵی یەوە گیانێکی گۆڕین و نویکردنەوەی تیابوو، چەشنەپێزێکیش لە خایاڵیدابوو، شێخ نوری شێخ ساڵح یش، وەک لەباسەکەی دەستێکی باڵای لە نوێکردنەوەدا هەبوو، ئەویش تەنها بە پەیڕەوکردن و لاسایی کردنەوەی شیعری نوێی تورکەکان و لەوەبەملاوە لەهەناسە و بەرهەم کەوت و بەداخەوە کشایە دواوە و پاش ئەوەش ئەگەر بەرهەمێکی هەبووایە لەسەرتان و پۆی عەروزی عەرەبی و شێوەی کلاسیکی دەیچنی و چێژی لێوەردەگرێت و......هتد.
ئەوەی کەبەلای منەوە بەردی بنچینەی نوێکردنەوەی شیعری کوردی دانا و لەمەڵبەندی تێگەیشتن و قوڵێ و خوێندنەوە و زانینەوە کەوتە داهێنان و بەرهەمی نوێ ی (گۆران) ی پێشەوا و بلیمەت بووە کەسایە و سێبەری کارلێکردن و بەردەوامی لەسەر دنیای شیعری کوردی هەرماوەو و هەر هەیە.
گۆران لە شەستەکانەوە بەجێی هێشتین و بەڕۆیشتنی ئەو بۆشایی یەکی زۆر کەوتە دنیای شیعری کوردی یەوە،
بەختیار زێوەر و دڵداریش زۆر دەمێکە بەهۆی وونبوونی ڕەنگ و دەنگیانەوە بێبەرهەمن و نەماون، هەردی لە ساڵی 1957 و ( ڕازی تەنیایی) یەوە، خۆی وەتەنی لەشاعیری کەوتووە، ع ح ب و مەدهۆش و کاکەی فەلاح و دیلان و کامەرانیش مان هیچیان دیار نیە یان شتێکی ئەوەندە زۆریان نی یە کەبۆشایی پڕبکاتەوە و تاسەی ئەوە بمرکێنێت، ئەمە جگە لەوەش کە چەپکێک لاوی هونەرمەند و بەهرەداری

بەتوانا، بە پێی یاسای گۆڕین و سروشتی ژیان و دروست بوون و درێژەپێدان و داهێنان،سەریان لە ئاسۆی ڕوناکی شیعر و ئەدەبیاتی کوردییەوە دەرهێنا و هاتنەکایەوە،ڕێگای کاروانەکەیان گرتەبەر و خۆیان لە ئاگری سوری ژان و پێچ و ئازار و خولیاکەدا دی و بەپێی پلەی بەهرەو ڕادەی تێگەیشتن و خەریک بوون و خۆماندوکردن و تاقیکردنەوە بەگەرمی هەورازی هونەری شیعر وئەرکی داهێنان و بەردەوامی و دانانی بەرهەمیان گرتەبەر و هاتن......هاتن، دەرکەوتنی ئەمانەش ئەگەر چی بەلای ژیانەوە دیاردەیەکی ئاسایی و تەواو سروشتی بو، بەلام وەک هەموو لەدایک بونێکی تر، بێ ئازار و پەژارە و مەینەتی و مەترست نەبووە و نی یە، ئەوە بوو بەگەشانەوەی ئەم گوڵ و خونچانە.

مەسەلەی ناکۆکی نێوان (کۆن و نوێ) هاتە پێشەوە،ئەوانەی خۆیان بە پێشوو دایە قەڵەم، بەرهەم وناوەڕۆک و شێوەو بابەتی ئەم لاوانەیان بەوەرگرتن و چاولێکەری و لاساییکردنەوە و هەڵپەی ناوبانگ دەزڕاند و هیچ چەشنە پارسەنگێکی بەهرە و هونەری شیعری ڕەسەنی کوردییان پێڕەوانەدەدین و ستەمیان لێدەکردن، لاوەکانیش لەبەر ئەوەی خونچە و چرۆی گەشاوەی دیاری درەخت و باخچەی شیعر و ئەدەبیاتی سەردەمی کوردین، لەژێر پاڵەپەستۆی خوێن و گەرمی و سەلماندنی کەسایەتی دا و لەبەر ئەوەی کە خاوەنی متمانە و لێهاتن وتوانای بەهرە و هونەری دانان و داهێنان بوون، زۆر کەمتر لەکردەوەدا دانیان بەو هەموو سامان و سەرمایە ئەدەبیە گەورەیە دادەنا کە شاعیرانی پێش خۆیان ، بەتایبەتی گۆرانی پێشەوا بنیاتیان نابوو، هیچ بەلای ئەوەدا نەدەچوون کە بەرهەمی خۆیشیان لە هەموو قۆناغێکدا ، بەردەوامی و لەسەر ڕۆیشتن و درێژە پێدانی ئەو سامانە نەمرەیە، ئەم حاڵەتە چەند ڕواڵەتێکی وەک بەهیچ یان بەکەم زانین و نرخی زیاد بۆ دانان و توند و تیژی و گرژی خستە ناوەوە ئەگەر چی وەک شەپۆل و لافاو چەند تەوژمێکی بەتینی بە بزوتنەوەی ئەدەبی کوردی دا، باڵام زۆرتر کەف و کوڵ و بێ ئارامی و هاڵچوون و داچونێکی ئەوتۆی هێنا کە وای دەگەیاند لەسەرجەم شیعر و ئەدەبیاتی کوردی دا دابچڕان و لێک دابڕان و دوورکەوتنەوەی هەبێت لەبەرژەوەندی ئەدەبیش بێت.....

وە بۆ ئەم مەبەستە منیش لێرەدا شاعیری هێژا عەبوڵڵا پەشێو م هەڵبژارد کە شیعرەکانی نمونەی شیعری نوێ ی کوردییەوە ، شیعرەکانی کاری گرنگی هەیە لە ئەدەبی شیعری نوێ دا وە لەئەدەبی کوردی نوێ دا، لەم کاتەدا شیعری نوێ خولێکی باڵای هەیە لەئەدەبی جیهاندا ولەئەدەبی کوردی نوێدا. هەڵبەستی (سەربازی وون) بە تایبەتی کامانایەکی تەواوی هەیە بۆ ئێستای وولاتەکەی بۆیە منیش هەڵمبژاردووە،لێرەدا نموونەیەکی تەواو و سەرکەوتووی شیعری نوێ ی کوردی یە.

پەشێو لە یەکێک لە گوندەکانی نزیک شاری هەولێری دێرین لەدایک بووە کە ناوی (بیرکۆت) ە .

لە بەر زەبر و زەنگ لە شوێنی ژیانی دا نەیتوانیوە نیشتەجێ بیت بۆیە ڕووی کردۆتە هەندەران.

دووری نیشتمانی وای لێکردووە کە ئەم هەڵبەستە بۆمان ڕوون دەکاتەوە بە ئاسانی.....

<u>ئەگەر ئەم جارە بێمەوە</u>

ئەی دایە گیان

لە یادمە کە مناڵ بووم

ئەشقی تامی تفت و تاڵ بووم

گڵم دەخوارد
قوڕم دەخوارد
تۆش زللەیەکت لێ دەدام
هەمووت پێ تورِ فڕێ دەدام
ئەی دایە گیان
ئێستا ،گەورەم و منالّ نیم
ئەشقی تامی تفت و تالّ نیم
کەچی ئەگەر ئەم جارەشیان
ڕێم بکەویتە ( بێرکۆت)
لێشم بدەی
لێشم حەرام کەی شیری خۆت
من بە تەشیەکەی منالّی دەڕێسمەوە
دار، بەرد، گلّ، قوڕ
چیم بێتە ڕێ دەیلێسمەوە

مۆسکۆ 1975

کاتێک مرۆڤ لەبەر هەرهۆیەک لە وولاتەکەی جێدەهێڵێت، ئەو دورکەوتنەوەیە هەر بە جەستە دەبێت چونکە ئەو کەسە هەموو بیرەوەری یەکی بست بە بستی وولاتەکەی، چیا ودۆڵ و ڕووباری خۆشی و ناخۆشی، پەستی و گەشی، لە هەگبەیەکدا دەپێچێتەوە و لەگەڵ خۆیدایەتی، کە چاوی بە چیایەک بکەوێت ڕاستەوخۆ لەگەڵ یەکێک لە چیاکانی وولاتی خۆیدا بەراوردی دەکات، کە شادی یەک، زەماوەندێک، بەسەرهاتێک دەبینێت، لەگەڵ هەمان شادی و زەماوەند و بەسەرهاتدا بەراوردی دەکات.

بۆیە پەشێو لە کاتێکدا لا وولاتێکی وەک ئەکێتی سۆڤیەت دا دەژی و دەخوێنێت کەلەگەڵ برادەرەکانیا دەیان بەنە سەر گۆڕی سەربازی وون ( کەئەمە خۆی لە خۆیدا نیشانەیە بۆ هەموو ئەوانەی لە پێناوی وولاتەکەیان دا ژیانیان بەخشیوە) جا کاتێک دەگەنە ئەوێ ڕاستەوخۆ وولاتە پڕ لە کارەساتەکەی خۆی بیردێتەوە، ئەگەر کۆمەڵێک لەشێوەی وەفدێکدا بێت بۆلای ئێمە دەبێت کوێیان نیشان بدەین کە جێگەی ئـــــــــــــــــــەم گـــــــــــــــــــۆڕە بگرێتـــــــــــــــــــەوە؟؟؟؟؟

بۆیە کاتێ هەگبەکەی دەکاتەوە کاتێک بەبیر دەگەڕێتەوە وولاتەکەی خۆی ،سەرسوڕمانی نامێنێ، چونکە بێگومان ئەوەندەی لەبارەی وولاتەکەی بیستووە و خوێندووە کەدەزانێ بەچەندەها کارەساتی خوێناویدا تێپەڕیووە، وە دەزانێت تاقە بستە زەوی یەکی وولاتەکەی نەماوەتەوە خوێنی ڕۆڵەیەکی خۆبەختکەری بەسەردانەڕژابێت، بۆیە یەکسەر لەگەڵ خۆیدا دەلێ. ئێمە ئەمانەمان بۆ چی یە؟؟؟؟؟

ئەمجارە ڕوو دەکاتە میوانەکە و پێی دەلێ
گەورەم

لەکەناری هەر جۆگەیە
لەسەر سەکۆی هەر مزگەوتێ
لەبەر دەرگای
هەر ماڵێ
هەر کڵێسەیە
هەر ئەشکەوتێ
لەسەر گابەردی هەر شاخێ
لەسەر درەختی هەر باخێ
لەم وولاتە
لەسەر هەر بستە زەمینێ،
لەژێر هەر گەزە ئاسمانێ
مەترسە! کەمێک سەرداخە و
تاجە گوڵینەکەت دانێ!....

کەدەڵێت کەمێک سەر داخە و تاجە گوڵینەکەت دانێ،واتە سەری ڕێز لەو جێگایانەدا دانەوێنە بۆ سەربازە وون بووەکانمان و ئەو تاجە گوڵینەیە بخەیتە سەر گۆڕی سەربازێکی وونبوی وولاتەکەمان.
هەر لەم شیعرەدا بە شێوەیەکی زۆر جوان وەسفی کوردستان دەکات کە وولاتێکی شاخاوی یە و دار و درەختی زۆری تیایە، لەهەمان کاتیش نەتەوەی کورد زۆر ئاینیشی تیایە وەک مەسیح و ئیسلام، ئەویش بەوەی کە دەست نیشانی پەرستگاکان دەکات کە کڵێسە و مزگەوتە........

arasqaradaxi@hotmail.com
2007دیسو